# شایان

گرنگتر دەزانی و بەئاگاتر دەبی

بەشی یاسا

یەکشەممە Sunday 2017/4/2 - ژمارە (2) Issue

دیوارنامەیەکی گشتییە مانگی جارێك لە بەشی یاسای زانكۆی ئیشك دەردەچێت


زمان - کولتوور - زانست

# زانکۆی ئیشک فێستیڤاڵی بەهارە ساز دەدات

**پەیامنێری (شایان):**

لە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانی زانکۆی ئیشک بۆ وەرزی بەهاری ئەمساڵ، رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠١٧/٤/١٢ سەعات ٣٠،١٠ی بەیانی، وەک نەریتی ساڵانە، فێستیڤاڵی بەهارەی بۆ زمان و کولتوور و زانست لە گۆرەپانی زانکۆدا بەڕێوە دەچێت.

سەرچاوەیەک لە لیژنەی سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵەکە، بە (شایان)ی راگەیاند: "ئەمساڵیش وەک ساڵانی رابردوو، زانکۆی ئیشک فێستیڤالی بەهارەی خۆی بۆ زمان و کولتوور و زانست رێک دەخات".

ئەو سەرچاوەیە روونیشی کردەوە کە چالاکییەکانی ئەم فێستیڤاڵە، بریتین لە نمایشکردنی پرۆژەی زانستی و رۆشنبیری و کولتووریی قوتابیانی زانکۆی ئیشک و هەروەها خستنەڕووی نەریت و کولتوور و کەلەپووری نەتەوە و وڵاتانی دونیا، بە هاوکاریی قوتابیانی زانکۆ، کە پێشبینی دەکرێت کەلەپووری نزیکەی ٢٠ وڵات و نەتەوەی جیاوازی تێدا نمایش بکرێت.

سەرچاوەکە ئەوەشی راگەیاند کە یەکێک لە گرنگترین چالاکییەکانی ئەو فیستیڤاڵە بریتییە لەوەی کە بەشێکی زۆری قوتابیان، خواردن خواردنەوەی کوردەواری دروست دەکەن و بەرامبەر برێک پارە دەیفرۆشنەوە و داهاتی ئەم چالاکییە بۆ دەزگایەکی خێرخوازی دەبێت کە بە هانای لیقەوامانەوە دەچێت.

## دیبەیتی ئایندەی هەرێمی کوردستان

رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠١٧/٤/٦ دیبەیتی (ئایندەی چارەنووسی هەرێمی کوردستان لەنێوان فیدرالیەت و سەربەخۆیی و کۆنفیدرالیدا) لەنێوان هەر سێ زانکۆی (ئیشک، سەلاحەدین، فەرەنسی لوبنانی) ساز دەدرێت.

ئەم دیبەیتە بە بەشداریی (٩) قوتابی لە هەر سێ زانکۆ بەڕێوە دەچێت، لە هەر زانکۆیەک سێ قوتابی بەشداریی تێدا دەکەن، لیژنەی سەرپەرشتیاریش لە (٦) مامۆستای هەر سێ زانکۆ پێکدێت لەگەڵ مامۆستایەکی زانکۆیەکی دیکە کە دەبێتە سەرۆکی لیژنەکە.

## مامۆستایانی زانکۆی ئیشک لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی IIER



لە رۆژانی ١٣ و ١٤ی مانگی ئاداری ٢٠١٧ هەریەک لە د. عەدنان عەبدوڵڵا سەرۆکی بەشی یاسا و د. محەمەد سەباح و مامۆستا مستەفا رەشید وانەبێژان لە بەشی یاسا، بە نوێنەرایەتیی زانکۆی ئیشک بە سێ توێژینەوەی جیاواز بەشدارییان لە سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی IIER لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا کرد. لە دووەمین رۆژی کۆنفرانسەکەدا د. عەدنان عەبدوڵڵا سەرۆکی بەشی یاسا وەکو سەرپەرشتیار بۆ بەڕێوەبردنی پانێلەکانی دووەم رۆژی کۆنفرانسەکە و هەروەها وەکو دادوەر بۆ هەڵسەنگاندنی باشترین پێشکەشکردنی توێژینەوە، دەستنیشان کرا.



## سەروتار

## خوێندنی زانکۆ لە دەرەوەی شارەکەت

هیرۆ ئیسماعیل عارف

خۆشبەختانە ئێستا هەرێمی کوردستان بەرەو دەوڵەتبوون هەنگاو دەنێ، نزیکەی لە هەموو شار و قەزایەکی گەورەی کوردستان، نەک یەک زانکۆ، بەڵکوو چەندین زانکۆ و پەیمانگای حکوومی و ئەهلی هەیە. بێ گومان لە رووی گەشەسەندن و پێشکەوتنی زانستی و ئاوەدانی و پەرەپێدانی توانای مرۆییەوە، کردنەوەی ئەم ژمارە بەرچاوەی زانکۆ و پەیمانگا، هەنگاوێکی تا بڵێی ئەرێنییە بە مەرجێک کوالیتیی زانستییان لەبەرچاو بگیرێت، بەڵام لەو رووەوە کە ئێستا نزیکەی هەموو قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان هەریەکە و لە شاری خۆی دەخوێنن، بەڕای من وەکوو پێویست سوود لەم هەنگاوانە وەرنەگیراوە.

ئاخر خوێندنی زانکۆ بۆ قوتابی جا چ کچ بێت یان کوڕ، قۆناغێکی زۆر گرنگ و هەستیارە، قۆناغێکە کاریگەریی زۆری هەیە بۆ سەر دروستبوونی کەسایەتی و ئایندە و چارەنووسی قوتابی وەکوو مرۆڤ.

گەنجێکی تەمەن ١٨ یان ١٩ ساڵ بۆ نموونە خەڵکی هەولێر بێت و لە زانکۆی هەڵەبجە وەربگیرێت، خەڵکی سلێمانی بێت و لە دهۆک بخوێنێت، خەڵکی چەمچەماڵ بێت و بچێتە زانکۆیەک لە هەولێر، خەڵکی هەڵەبجە بێت و بچێتە کەرکووک، گەرمیانی بێت و بچێتە رانیە یان سۆران، شنگالی یان زاخۆیی بێت و بڕواتە کەلار بۆ خوێندن، تۆ بزانە جگە لەو زانستەی لە زانکۆ فێری دەبێ، چ گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لە ژیانیدا روو دەدات: پێش هەموو شت بە شار و کولتوورێکی جیاواز ئاشنا دەبێت و چاوی دەکرێتەوە، ئنجا شێوەزار یان شێوە ئاخافتنێکی دیکە دەبیستێ، کۆمەڵێ هاوڕێ و برادەری تازە لە غەیری هاوشارییانی خۆی دەناسێ، دەچێتە بەشی ناوخۆیی و لەوێ فێری هونەری خۆژیاندن دەبێ، چۆن بەرپرسیارێتی هەڵبگرێ، چۆن خواردن دروست بکات، چۆن جل بشوات، چۆن ژوور و شوێنی ژیانی خۆی پاک بکاتەوە، چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسانی دەوروبەر بکات، چۆن پشت بە خۆی ببەستێت، چۆن پارە خەرج بکات، چۆن مامەڵە لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر بکات، چۆن پەرە بە بەهرەکانی بدات، چۆن زیاتر خۆی رۆشنبیر بکات تا رووبەڕووی ئەو ژیانە تازەیە ببێتەوە، ئاخر کاتێ لە یەک ژووردا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا لە بەشی ناوخۆیی دەژی و دەخوا و دەخەوێ و دەخوێنێ، ئەوە یەکەمین جاریەتی لەگەڵ کەسانێکدا بژی لە دەرەوەی ئەندامانی خێزانی خۆی، ئەمەش وەرچەرخانێکی گەورە و ئەزموونێکی تازەیە.

بەداخەوە ئێستا هەموو دایک و باوکان و تەنانەت خودی قوتابیانیش کاتێ لە زانکۆیەکی شارێکی تر وەردەگیرێن، واستە و ئەنازول و ئەمسەر و ئەوسەری دنیا دەکەن تا خۆیان بگوازنەوە بۆ زانکۆیەکی شارەکەی خۆیان، ئەمەش ئەو ئەزموونە گرنگەی ژیانیان لەدەست دەدات.

رەنگە کەسانێک هۆکاری ئابووری و ئاستی نزمی گوزەران و بژێویی خێزان و ماڵباتی قوتابیان بکەنە پاساو بۆ ئەوەی خێزانەکان هەوڵ بدەن کوڕ و کچەکانیان لە شارەکانی خۆیاندا بخوێنن و خەرجییەکانیان کەمتر بێت، ئەمەیان راستە، بەڵام لێرەدا ئەرکی حکوومەتە کە هەوڵ بدات بەشی ناوخۆیی و برێک خەرجییان بۆ دابین بکات و قوتابیانی شارە جیاوازەکانی کوردستان بەسەر زانکۆ جیاوازەکاندا دابەش بکات، کۆمەڵگەی کوردستانی زۆر پێویستی بەم تێکەڵبوونەیە و گەنجانی کوردستانیش زۆر گرنگە ئەم ئەزموونەی ژیان ببینن.

## یادی قوربانیانی ئەنفال



رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠١٧/٤/١٣ لە زانکۆی ئیشک وەک نەریتێکی ساڵانە بۆ بەرز راگرتنی یادی قوربانیانی کارەساتی ئەنفال، چەند چالاکییەک ساز دەدرێت، یەکەمیان کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتۆگرافیی قوربانیان و شەهیدانی کارەساتی ئەنفال و دواتریش سیمینارێک بۆ د. ئیدریس هادی سەرۆکی دەستەی ئەنجومەنی ئەمیندارانی زانکۆی ئیشک سەبارەت بەم یادە بەڕێوە دەچێت.

## دووەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ILIC 2017

وا بڕیارە رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠١٧/٥/١١ بەشی یاسای کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک، دووەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی خۆی (ILIC ٢٠١٧) بە بەشداریی ٥ توێژینەوە لە بوارەکانی یاسا و زانستی و رامیاری و شەریعەتی ئیسلامی بەڕێوە ببات، کە لەلایەن توێژەرانی زانکۆکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و عێراقەوە پێشکەش دەکرێت.



### خولی شەترنج

راگرایەتیی قوتابیان، خولێکی شەترەنج بۆ ئەو قوتابی و مامۆستایانە دەکاتەوە کە ئارەزووی بەشداریکردنیان لەم خولەدا هەیە، ناو نووسین بۆ خولەکە هەتا ٢٠١٧/٤/٨ بەردەوام دەبێت، خولەکە ٢٠١٧/٤/٩ دەست پێ دەکات و بۆ ماوەی ٣ رۆژ بەردەوام دەبێت.



### پێشانگەیەکی شێوەکاری

وا بڕیارە رۆژی ٢٠١٧/٤/٤ راگرایەتیی قوتابیان لە زانکۆی ئیشک، پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ هونەرمەندی قوتابی (حەمسە محەمەد) بکاتەوە کە تیایدا چەندین کاری هونەریی خۆی نمایش دەکات.



### خولی تۆپی پێ

راگرایەتیی قوتابیان لە زانکۆی ئیشک بەم زووانە خولێکی تۆپی پێ بۆ قوتابیانی قۆناغی یەکەمی هەموو بەشەکانی زانکۆ دەکاتەوە، جا هەر قوتابییەک ئارەزووی بەشداری لەو خولەدا دەکات، دەتوانێ لای سەرپەرشتیارانی خولەکە لە (قاتی دووەم- ژووری ٢٥٥) ناوی خۆی تۆمار بکات.

# پیاوێک هاوسەری خوشکەکەی دەکوژێت
# ئەگەر دادوەر بیت بەپێی چ یاسایەک بڕیار دەدەیت؟

تاوانبار (عابد) بەپێی پلانێک کە پێشتر دایڕشتبوو تاوانلێکراو (مازن) دەکوژێت، (عابد) لەو رووداوەدا جگە لە کوشتنی (مازن) کەسێکیش بەناوی (سیروان)ەوە بریندار دەکات. تاوانبار (عابد) هۆکاری کوشتنی تاوانلێکراو (مازن) بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە (مازن) وێڕای ئەوەی مێردی خوشکێکیەتی بەناوی (کەوسەر)ەوە واتە زاوایەتی، دەستدرێژیی سێکسیی کردووەتە سەر خوشکێکی تری بەناوی (شەوبۆ)وە، لە ئەنجامدا جگە لەو دەستدرێژییە (شەوبۆ) دووگیانیش دەبێت.

هۆکاری بریندابوونی (سیروان) لەو رووداوەدا ئەوەیە کە لە کات و شوێنی هەڵەدا بووە و ئەو لە پلانی کوشتنەکەدا نەبووە.

ئەگەر دادوەر بیت و ئەم دۆسیەیە بێتە بەردەستت، بەپێی چ یاسایەک تاوانبار (عابد) سزا دەدەیت؟



وەڵامی ئەم پرسیارە، بە سوپاسەوە لەلایەن **د. محەمەد سەباح وانەبێژی یاسای سزاکان لە بەشی یاسای زانکۆی ئیشک**، بەم شێوەیە دراوەتەوە:

"سەبارەت بە مردنی (مازن) پێویستە (عابد) بەپێی تاوانی کوشتنی عەمدی سزا بدرێت، چونکە دەرەنجام کە مردنی (مازن) بەهۆی رەفتاری ئەرێنیی (عابد) دێتە کایەوە کە دەیزانی (مازن) کەسێکی زیندووە و لە هەمان کاتیشدا ویستی ئازادی خۆی ئاراستەی رەفتارە تاوانکاری و دەرەنجامی رەفتارەکە دەکات.





سەبارەت بە سزای (عابد) پێویستە ئەم سزایە کەم بکرێتەوە بەپێی ماددەی (١٢٨) لە یاسای سزاکانی عێراقی، چونکە تاوانبار لە ئاکامی ئەو (استفزاز)ەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە بە هۆی رەفتاری تاوانلێکراو (مازن) دەکەوێتە حاڵەتی تووڕەبوون و هەڵچوون و فشاری دەروونییەوە، لە ئاکامی ئەم حاڵەتەشدا، بڕیاری تاوانەکە دەدات، لە هەمان کاتدا نابێت بە هیچ شێوەیەک سزای تاوانبار کەم بکرێتەوە بەپێی ماددەی (٤٠٩) هەرچەندە هەموو مەرجەکانی ئەم ماددەیە لەم رووداوەدا هاتووەتە کایەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگرتنی کارکردن بەم ماددەیە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

سەبارەت بە بریندابوونی (سیروان)یش، پێویستە بەرپرسیارەتیی (عابد) بەپێی جۆری پێشبینیکردنی دەرەنجامەکە دیاری بکرێت، گەر (عابد) دەرەنجامی بریندارکردنەکەی لە کاتی ئەنجامدانی رەفتارەکەیدا پێشبینی بکات و لە هەمان کاتیشدا قبوڵی بکات، واتە لە کاتی ئەنجامدانی رەفتارەکە ئەگەری هاتنەدیی ئەم بریندابوونەی لەبەرچاو دابنێت و هاتنەکایەوەکەشی قبوڵ بێت، ئەوکات پێویستە لەسەر تاوانی بریندارکردن و لێدان و ئازاردانی عەمدی (٤١٢-٤١٥) سزای دیاری بکرێت بەپێی مەبەستی ئاڕاستەوخۆ (مەبەستی ئەگەریی-القصد الاحتمالی)، بەڵام ئەگەر چاوەڕوانی هاتنەدیی ئەم دەرەنجامە نەبێت کە چی لە توانایدا بێت هاتنەکایەوەکەی پێشبینی بکات بەڵام کەمتەرخەم دەبێت و پشتگوێی دەخات و ئیهمالی دەکات و ڕێگری لە هاتنەکایەوەی ناکات، ئەوکات پێویستە لەسەر تاوانی بریندارکردن و لێدان و ئازاردانی ناعەمدی (٤١٦) سزا بدرێت.

تێبینی: سەرجەم ناوەکانی نێو رووداوەکە، ناوی راستینەی کەسەکان نین و خواستراون.

# سەروەریی یاسا



- دەبێ ئەوانەی یاسا دادەنێن و جێبەجێکاری یاسا دەبن، بۆ خۆیان پێیەوە پابەند بن.
- حکومەت، حکومەتی یاسا بێت نەوەک حکوومەتی تاکەکەسەکان.
- مافی یەکسانبوون بەرامبەر یاسا، یان پارێزگاریکردنی یەکسان لەلایەن یاساوە، بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی دادپەروەر شتێکی بنچینەیی و سەرەکییە. جا دەوڵەمەند بێت یان هەژار، نەتەوەی زۆرینە بێت یان کەمینەیەکی ئایینی، هاوپەیمانێکی سیاسیی دەوڵەت بێت یان رکابەر بێت... هەموو شایستەی پارێزگاریکردنی یەکسانن لەبەرامبەر یاسادا.
- هەموو بەرپرسێک لە سەرۆک و سەرۆک وەزیرانەوە بگرە تا دەگاتە پۆلیس یان فەرمانبەرێکی ئاسایی کۆکەرەوەی باج، وەک هەر هاووڵاتیەکی تر لەبەرامبەر هەر کردەوەیەک کە ئەنجامی دەدەن، بەرپرسیارن بەرامبەر یاسا.
- حکومەت ناتوانێت دەسەڵاتەکانی خۆی پیادە بکات تەنها بە گوێرەی یاسای نووسراو نەبێت کە بە تێپەڕبوونی بە ڕێوشوێنی توندوتۆڵدا داڕێژرابن، ئامانجیش لەمە گەیشتنە بە پرەنسیپی پارێزگاریکردن لە دژی بڕیارە زۆردارەکییەکان لە حاڵەتە تاکەکەسییەکاندا.
- سەروەریی یاسا، بە مەرجێکی پێشینە دادەنرێت بۆ دیموکراسییەت، سەروەریی یاسا بووە بە بنەمایەکی باو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا.

# مێژووی سەرهەڵدانی یەکەمین پەرلەمان لە جیهاندا



هۆگر گەردی

مێژووی سەرهەڵدانی پەرلەمان، جێگەی بایەخی زانایان و یاساناسان و مێژوونووسانیشە، بەردەوام ململانێ لەنێوان شارستانیەتی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا هەیە سەبارەت بە مێژووی یەکەمین پەرلەمان، هەریەکە لە رۆژهەڵاتییەکان و رۆژئاواییەکان، خۆیان بە دامەزرێنەری پەرلەمان دەزانن و هەریەکەشیان بەڵگەی جۆراوجۆر دەهێننەوە، ئەمە جیا لەوەی مێژوونووسانیش بۆ سەردەمی جیاوازی دەگەڕێننەوە، ئیدی هەر لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە، یان بابلییەکان و یۆنانی کۆن.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە باسی بکەین، ئەو پەرلەمانەیە کە زۆربەی زاناکان لەسەری هاودەنگن و بە یەکەمین پەرلەمان دەیناسێنن.

کۆنترین پەرلەمان لە جیهاندا ناوی ئەنجومەنی (ئالتینگی ئایسلەندا)یە کە لە ساڵی ٩٢٠ی زایینیدا دروست بووە و تا ئێستاش بەردەوامە. بەڵام پڕئەزموونترین پەرلەمان هی بەریتانیایە، بێگومان زەمینەی دروستبوونی ئەم دەزگایە لەم وڵاتەدا هەبوونی دەزگاکانی دیموکراسی و جێبەجێکردنی بوو، هەروەها گەشەی کولتووری و رۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵک و گەشەی ئاستی دارایی بوو، بە بەراوردکردنی لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تردا.

پێکهێنانی پەرلەمان بە شێوەیەکی تەواو، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢٦٥ز، کە ئیدی ئەندامان پەرلەمان لە رێگەی هەڵبژاردنەوە بەشداریی پەرلەمانیان کرد و لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرا. سەرپەرشتیکردنی پەرلەمان بۆ یەکەمین جار لەلایەن ئەنجومەنی لۆرداتەوە بوو (hose of lords) دواتر ئەنجومەنی گشتی (hose of commons) دروست بوو کە پێکهاتبوو لە نوێنەرانی چینەکانی کۆمەڵگا. لە ساڵی ١٢٦٥شدا، جۆن سانتیر بەڵگەنامەی ماگناکارتای دەرکرد کە لە ٦٣ ماددە پێکهاتبوو.

پەرلەمان زیاتر بەرهەمی بیرۆکەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە، کە زۆر جار ئەو تیۆرە دەدرێتە پاڵ ئەرستۆ و ئاماژە دەکات بە سێ ئەرکی حکوومەت، شوورا و جێبەجێکردن و دادوەری، لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا، نیشانەکانی ئەم تیۆرە لە نووسینەکانی جۆن لۆک-دا بە ناوی (حکوومەتی مەدەنی) بەدیار کەوتن.

رەگوڕیشەی پەرلەمانی ئینگلتەرا، دەگەڕێتەو بۆ ئەنجومەنی نەتەوەی ئەنگلوساکۆنی، ئەنجومەنی گەورەی نورمەن و ئەنجومەنی نەتەوەیی کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٢٤٢ی زایینیدا یەکەم دانیشتنی بەست و بە (دایکی پەرلەمانەکان) ئاسراوە.

دروستبوونی پەرلەمان گۆڕانێکی گەورە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. چونکە کۆمەڵگای بەرایی گۆڕی بۆ کۆمەڵگای مۆدێرن و ئیتر یاسا شوێنی عورفی گرەوە.

# ماف.. تایبەتمەندییەکە سروشت بەخشیویەتی و یاسا دەیپارێزێ



هاوسەر نەجات

ماف چییە؟

پرسێک کە ناکرێت بێ هەڵوەستە لەسەر کردن و بە مرووری کیرام لەسەریدا گوزەر بکەین و مانایەکی زۆر لە کرۆکی خۆیدا هەڵدەگرێت، پرسی (ماف)ە. جا لە وەها بارێکیشدا ئەگەر دادپەروەری گیانی یاساکان بێت، ئایا تا چەند دەتوانین بوونی کۆمەڵگا وەک قەوارەیەکی تۆکمە و تەواو و پتەو پێناسە بکەین، بێ ئەوەی شتێک دەربارەی ماف بخەینە بەرباس.

جا کاتێ رەوشتبەرزی و چاکەکاری کۆڵەکەی دادپەروەری بن ئەوا خۆی لە خۆیدا بێ ماف نە دادپەروەری و یاساگەلێک نە کۆمەڵگەیەک کە شایستەی باس و خواسێک بن تەولو بێ مانا و بێ ئەهەمیەتن، وەلێ ئەگەر تەئەمولێک لەم بارەیەوە بکەین، ئەوا هەرگیز بە ئامانج ناگەین کە وەزیفە و ئەهەمیەتی یاسا چییە و بۆچی دروست کراوە؟ ئەگەر لەم مونتەڵەقەدا بۆی بچین کەوا ماف هەردەم دواکەوتەی یاسایە و بگرە کاتێک هاتۆتە بوون کە یاسا هاتۆتە مەیدان، لەمەشیاندا هەر گریمانەیەک بکەینە بنچینەی دروستبوونی کۆمەڵگای تەواو هەڵەیە، لە کاتێکدا مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بێ ئەم وابەستەیەش کە وای لێ کردووە بەبێ کۆمەڵگا نەتوانێ بژی، ئەوا هەردەم عاقڵمەندانە بۆ ئەوە دەچین ئەوەی کۆمەڵگا دەهێڵێتەوە لە وەها بارێکدا بەیەکەوە هەڵبکەین، دادپەروەرییە کە ئەم پەیوەندییە توندوتۆڵ دەکات. بەڵام وەزیفەی دادپەروەری جگە لەوەی کە وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی بێت زۆر لەو پێداگرانە دەگەینە ئەو بۆچوونە بەبێ بوونی ماف هەرگیز باس و خواسێک لەسەر کۆمەڵگا جگە لە شتێکی نالۆژیک هیچی تر نییە و دەرئەنجامێکمان نادات بە دەستەوە. لەوەشیاندا ئەهەمیەتێک بۆ بەرجەستەکردنی دادپەروەری و ملکەچیی کۆمەڵایەتیی تاکەکان بۆ کۆمەڵگا بێ بوونی ماف تەواو بێمانایە، چونکە ئەوەی ئەم پەیوەندییە دوولایەنە بەرجەستە دەکات، تەنها یاسایە کە هەموومان تێیدا بە کۆمەڵگا دەبین و لە هەمان کاتیشدا هەموو کۆمەڵگا خۆی لە ئیرادەی تاکەکانیدا یەکانگیر دەکات، لەوەش بەدەر هەنگاوێک دەچێتە پێش کە ئیرادەیەکی گەش دێتە بوون، بەڵام ئەگەر ئیرادەی گشتی ئاوا بناسێنین و بەو پێوەرە هەڵی سەنگێنین کە ئیرادەی گشتی ئیرادەی گشتییە لە گشتەوە بۆ گشت، ئاوا مانایەک بۆ بوونی یاسا و فەلسەفەی یاسا نامێنێت، چونکە ئەگەر وەها پێوەرێک بکەینە ئامرازێک بۆ پێناسەی ئیرادەی گشتی، ئەوا جێبەجێکردنی یاسا بە دەستەی فەرمانڕەواوە جگە لە چەک و شتێکی ئاسنین و سەرکوتکەرانە، هیچی تر نابێت، چونکە خۆی لە خۆیدا وەک ئەوە دەبێت یاسا لەپێناو کۆمەڵێک لەسەر حیسابی بێبەشکردنی کۆمەڵێکی دیکە لە ماف و تایبەتمەندییەکانی جێبەجێ بکرێت کە هەردەم لە ناڕەوایەتییەکی نامۆراڵی هیچی تر نابێت، جا لێرەدا ڕەوایە بڵێم کە هەردەم ئیرادەی گشتی بەرجەستەبوونی ئیرادەی تاکاکانە بەدەر لە بوونی هەبووی یاسا کە شایستەی جێبەجێکردن بێت لەکاتێکدا زیندوو خاوەن گیان بێت بەڵام لە ئەساسدا مەحکومی مردن بێت، چونکە ئەگەر دادپەروەری ڕوحی یاسا بێت ئەوا ماف کرۆکی ئەم لاشەیەیە بەبێ بوونی ماف کە خۆی لە خۆیدا مەدلوولی ئەو داللەیە کە پێی دەڵێن یاسا. جا لە وەهاماڵێکدا نە دادپەروەری نە یاسا بوونیان نابێت، بۆیە هەردەم دەڵێم ماف رووی دووەمی یاسایە و پێکەوە دوو رووی یەک دراون، نە ئەو بێ ئەویان نە ئەم بێ ئەویان واتا نادەن، نە مافی بێ یاسا نە یاساش بێ ماف جگە لە فەوزایەک لەناو کۆمەڵگا، هیچی تری لێ نایەتە بوون.




ئەحمەد تاریق

## ئێوارەیەک

ئێوارەیەکت بۆ ڕێك دەخەم
ئاسمان بە ئەستێرە دەڕازێنمەوە
هەسارەکان فێرە گۆرانی دەکەم
گەردوون لەسەرەخۆ ئەخولێنمەوە
لەو ئێوارەیە (با) بەند ئەکەم
هەزار مۆم دائەگیرسێنم نایانکوژێنمەوە
ئەگەر دێی بۆ ئێوارەکەم
ئەستێرە و مانگ و مۆم و هەسارەکان دەبریسکێنەوە
پێکەوە دادەنیشین، قسە ئەکەین، پێدەکەنین، سەما ئەکەین
پێکەوە ئەبین تا شەو مەست ئەبێ و مانگیش ئەخەوێ

# ئاهەنگی دەرچوون



بەرهەم عەلی

ئەڕۆی ئەی یار...
وا ئەمجارەش
بۆ دوایین جار...
هەگبەی خەمم لە کۆڵ ئەنێی
ڕووەو چارەنووسی نادیار...
نای.. یارم ڕۆ، چ حەشرێکە
ژاوە ژاوە، هاتوچوونە...
هەڵپەرکێیە، مۆسیقایە
نەڵێن ئاهەنگی دەرچوونە...

گیانە دەڕۆیت و نازانیت
چەند بەسۆیە
برینی ئەم دابڕانە.....
چەند پرێش و بەئازارە
زامی ئەم ئەڤین سووتانە....

توخوا گیانە
ئەگەر ڕۆیشتی
ستێ بڵێ و بێدەنگ مەڕۆ...
با باخی وشکهەڵاتووی عەشقم
بە خەندەیەکی بەهاریت
پڕ بکەمەوە لە چرۆ...

ئەڕۆی ئەی یار...
بەم ڕۆیشتنت
هەناسەی حەسرەتی پاکم
ئاسمانی عەشقی دوو ساڵەم
پڕ ئەکەیت لە تۆز و غوبار.....

توخوا گیانە
لەگەڵ ماڵئاوایی خۆتا
تەنیا دوو دەسری کلینکس
لە پرسگە بەجێ بێڵە...
یەکێکیان بۆ ئەشکی چاوم
ئەوی تریان بابمێنێ
بۆ یادی ئەم عەشقە وێڵە...

هۆ ئازیزی لانەی دڵم
هاوڕێی شەوانی بێداریم
ئەگەر ڕۆیشتی هێواش بڕۆ
با لەگەڵ گریانی خۆم و
کارەساتی ماڵئاواییت
فریای وشەیەك بکەوم...
با ئەو شەوە
بە یادی ڕۆژانی پێشوو و
پیاسەی ئێوارانمانا
ئێشك بگرم و نەخەوم...

نای دڵەکەم
تۆ ئەزانی ئەم حیکایەتەی
عەشقمان چەند درێژە...
تۆ ئەزانی
ئەم خۆشەویستییەی ئێمە
چ داستانێکی ئەڤینە
لەنێو مێژووی ئەم کۆلێژە...

بۆیە دەبێ باش بزانی
کە تۆ ئەڕۆی
زۆر شت لەگەڵ خۆتا ئەبەی...
دەفتەری یادگارییەکانم
بەو ئۆغرە لەتلەت ئەکەی...
گەشت و سەیرانەکانی زانکۆ
نانخواردن و پێکەنینی نێو
یانەی قوتابیان
وەك کۆرپەی زۆڵ لەبار
ئەبەی....
دانیشتن و بینینی فیلمی
سینەماکان
پیاسەی قەراخ جادەکان
قسەی خۆش و دەمەتەقێ و
دانیشتنی قاتی سەرێی
پاسە گەورە و دووقاتەکان لەناو
ئەبەی...
گیانە کاتێ کە تۆ ئەڕۆی
زۆر شت لەگەڵ خۆتا ئەبەی...

توخوا گیانە
زۆر حەز ئەکەم
لەیادت بێ ئەو ڕۆژانەی
یەکمان خۆش ویست بۆ یەك
ژیاین
ئەو ڕۆژانەی
یەکێکمان سەفەری دەکرد
ئیدی پێکەوە دەگریاین

دە ئێستاکەش ئەوە منم
هەمان ئەو عاشقەی جاران...
هەمان کوڕی قسە خۆشی
سەر مێزی یانەی قوتابیان...
هەمان ئەو کەسەی
کە دوو ساڵ
بەر لە ئێستا خۆشم
ویستووی...
لەم دەمەدا بە هەمان حەزی
جارانم
بەردەرگای زانکۆم لێ
گرتووی...

دەمەوێ بەرلەوەی بڕۆی
ئاخرین سڵاوم لێ بکەی
پێش ئەوەی من بەجێ بێڵی
ئاڵای سپیی عەشق هەڵکەی...

سا ئازیزم
ئەگەر ئەوەشت پێ ناکرێ
بەرلەوەی خۆت و جانتاکەت
بەجێی بێڵن ئەم کۆلێژە
وەرە لە گۆڕەپانەکەی
جەستەی زیندووی من بنێژە

بەهاری 1992 بەغدا

## وێنەی قازەکە و بەدبەختیی من!



بە پێنووسی کۆنە قازێک

من باسی ئەو ڕۆژە دەکەم کە بە هۆی وێنەی قازێکەوە خۆم کرد بە پەند، خۆشی خۆشی دڵی کچەی دڵبەری خۆمم خۆش کردووە، کەچی حەشرێکی پێ کردم، با بە دەواری شڕی نەکردبێ، ئەو کچە پۆرتێکی شکاندم، تا ئێستاش لە ژیانما پۆرتم وەها نەشکاوە.

هەر لێم مەپرسن چەند ئەو کچەی دراوسێمانم خۆش دەویست، من لە قۆناغی دووەمی زانکۆ بووم و دەردەچووم بۆ قۆناغی سێ، کاتێ ئەو لە زانکۆ وەرگیرا، وای چەند دڵم خۆش بوو، سەرەتا وام دەزانی ئەویش وەک من لە زانکۆی موستەنسرییەی بەغدا وەرگیراوە، کەچی دەرکەوت لە کۆلێژێکی زانکۆی سەلاحەدین قبوڵ کرا و دەستی بە خوێندن کرد.

ئەو سەردەمە بڕینی پۆلی شەشی ئامادەیی و چوونە نێو خوێندنی زانکۆ، بۆ هەر گەنجێک لە کوردستان، ڕووداوێکی یەکجار گرنگ بوو، نەک هەر ماڵباتی خێزان و خزم و ئەحباب، بەڵکوو دراوسێکانی گەڕەکیش دیارییان بۆ ئەو قوتابییە دەهێنا و پیرۆزباییان لێ دەکرد، دیارییەکانیش گەلێ جار ئەوانە بوون کە بۆ ژیانی خوێندن و هەروەها بەشە ناوخۆیی قوتابی بەکار دەهاتن، بۆ نموونە بۆ کوڕ (خاولی، بیجامە، تاقمی ریش تاشین، قەڵەم و پێنووسی مورەکەبدار، نەعل، کراس و لیڤێکس و دفتەری جوان و...) ئەم جۆرە شتانە دەهات، بۆ کچانیش دیارییەکان زۆربەی جار بریتی بوون لە (ماکسی، تراکسوودی خەو، نەعل و پاپووچ، ئەدەواتی ماکیاج، موجەفیفە، جانتای شان، رادیۆی بچووک، مەدالیای جوان و... شتی وەها).

دایک و باوک شانازییەکی یەکجار زۆریان بەوەوە دەکرد کە کوڕەکەیان یاخود کچەکەیان لە زانکۆ یان پەیمانگا وەرگیراوە، لەو گەڕەکەدا پۆزی دنیایان لێ دەدا.

منیش بەناخێری گیانم، ویستم بەبۆنەی دەسپێکی خوێندنی زانکۆیی ئەو کچەی دراوسێمانەوە، کە لە خۆمم زیاتر خۆش دەویست، چەند وردە دیارییەکی جوان بکڕم و جا یان دەست بەدەست پێشکەشی بکەم، یاخود بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان دیارییەکانی بگەیەنمێ.

چوومە ئەو بازاڕە گەورەیەی بەغدا و بەناو کەوتم، سەرەتا مەدالیایەکی زۆر جوانم کڕی، مەدالیاکە پارچە شووشەیەکی خڕی قەپات بوو، هەر هێندەی بنە پیاڵەیەک دەبوو، لەناو ئەو شووشەیەدا ئاو و وردە دڵی پلاستیکیی ڕەنگ پەمەیی تێدا بوو، ئەمە گوزارشت بوو لە خۆشەویستیی زۆرم بۆ ئەو کچە!

دوای ئەوە چووم رادیۆیەکی بچووکم کڕی، ویستم شەوان لە بەشی ناوخۆیی گوێ گۆرانیی عەبدولحەلیم حافز و ئوم کەلسووم بگرێت و بیری منی بکەوێتەوە.

هەر لە خۆمەوە بە گیرفانی نیمچە بەتاڵەوە خۆم کرد بە دوکانێکی کاتژمێرفرۆشدا، کاتژمێرێکی بچووکی سەرمێزی ڕەنگ شینی کاڵیشم کڕی کە تەوقیتت دەکرد و زەنگی لێ دەدا، گوتم نەبادا بەیانیان درەنگ بەخەبەر بێت و موحازەرەکانی لەکیس بچێت.

هەموو ئەم شتانەم پێچایەوە و دواجار گوتم با نامەیەکی جوان و کارتێکی پیرۆزبایی دەسپێکی خوێندنی زانکۆی بۆ بکڕم، چوومە پەڕاوگەیەکی گەورەی (شاریع موتەنەبی) و گڕ گڕ کەوتم بەسەر کارتێکدا، لە هەموویانم پێ جوانتر بوو، بڕوا بکەن من بە نیەتێکی زۆر ساف و عاشقانەوە ئەو کارتەم دەستنیشان کرد، من چووزانم بەدبەختیی و نەگبەتی و شەڕێکی گەورەی بەدوادا دێت!

(وێنەی منداڵێکی ناسک و جوان لە سەوزاییەکدا کە بەدیار قازێکی سپی و نەرمونۆڵەوە دانیشتووە و لێی رادەمێنێ!) ئەو کارتە بوو کە بە ملی شکاوم بۆ ئەو کچەم هەڵبژارد.

لەپشت کارتەکەوە ئەم چەند دێڕەم نووسی: (بۆ ئازیزترین و خۆشەویستترین و ناسکترین هاوڕێم (.......) گیان، بەهیوام ڕۆژێ دابێت من و تۆش وەک ئەم منداڵ و قازە ئاوها لە باخچەیەکی رازاوەدا پێکەوە بین... یەکەمین وانە و یەکەمین ساڵی خوێندنی زانکۆت لێ پیرۆز بێت. ئیمزا: هاوڕێت و دۆستت هەتا مردن ............).

سیروان ناوێک بە میوانی لە هەولێرەوە هاتە بەشە ناوخۆییەکەمان لە بەغدا و شەوێک لامان مایەوە، سیروان ئەو کچەی دەناسی، سەرجەم دیارییەکان و کارتەکە و نامەیەکیشم جوان پێچایەوە و بە سیرواندا ناردم.

ئای چەند دڵم خۆش بوو، شەوانە بیرم دەکردەوە، لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئێستا دیارییەکانی کردووەتەوە و تەماشایان دەکات، ئێستا نامەکەم دەخوێنێتەوە کە وشەکانیم بە خوێنی دڵم نووسیوە، ئێستا ئەو کارتە دەبینێت و لێی رادەمێنێ.. بەڵام دیارە هەموو ئەمانە خەیاڵپڵاو بوون.

پاش نزیکە دە ڕۆژێک، کچێکی کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی بەغدا، لە هەولێرەوە نامەیەکی بۆ هێنام و لەڕێی برادەرەکانمەوە گەیشتە دەستم.. تا نامەکەم کردەوە وەخت بوو لە خۆشیا باڵ بگرم. چووم لە سووچێکی کۆلێژدا نامەکەم خوێندەوە، بەڵام نامەی چی تووشی شۆکێکی کردم، هەر مەپرسن! ئەو کچە نامەکەی بەم دێڕانە نووسیبوو: (بۆ (........) هەموو دیارییەکانتم پێ گەیشت، نە سوپاست دەکەم و نە هیچ... هەرگیز نەخەڵەتابیت خۆت بە ئازیزترین و خۆشەویستترین هاوڕێی من بزانیت، من هاوڕێی وەک تۆم نییە، تۆش لەگەڵ ئەو کوڕانەی کۆلێژی خۆمان هیچ جیاوازییەکت نییە کە شەو و ڕۆژ بە قاو و قیڕ و قاز ...قاز... قاز تەعلیقم لێ دەدەن و هەراسانیان کردووم، بەداخەوە من وامزانی مستەوای سەقافیی تۆ لەوان بەرزترە، بەڵام دیارە هەمووتان وەک یەک وان، ئەگەر تۆش وەکوو ئەوان نەبوویتایە ئەو وێنەی قازە چییە بۆت ناردووم؟! هەی قازی کوڕی قاز.. بۆ ئاگەداریت نامەکەت و کارتەکەتم دڕاند و هەموو دیارییەکانیشتم بەسەر کچانی بەشە ناوخۆییەکاندا دابەش کرد، تا جارێکی تر جورئەتی ئەوە نەکەیت گاڵتە بە من بکەیت!).



